

**لە خانەقی دوو بەڕێوبەرێتی ئاسایش و دوو بەڕێوبەرێتی پەروەردە و دوو دەسەڵاتی جیاوازی کوردی هەیە.**

**سوپا سەر بەلایەنێکە و پۆلیسیش سەر بەلایەنێکی تر**

# کورد لە خانەقی تەنها خـ

● (( باسم قەرەلووس ـ 26 ساڵ )) لەبەرزایی پارکەکەوە سەیری ئەو گەنجانەی دەکرد کە لەنێو ئاوی ژێر پردەکەی ئەڵوەندا مەلەیان دەکرد، ئەو کوڕی خێزانێکی خانەقییە کە لە ساڵی 1966 لە لایەن ڕژێمەکەی سەدام حسەینەوە لەبەرئەوەی کوڕێکیان پێشمەرگەی حیزبێکی کوردستانی بووە بۆ شاری رومادی لە خۆرئاوای عێراق دوورخراونەتەوە. باسم لە بارودۆخێکی سەختی ژیانی ئەو مەنفا ئیجبارییەدا ساڵی 2002– 2003 کۆلێژی زانست لە زانکۆی ئەنبار تەواودەکات. دوای 9ی نیسانی 2003 لە هەلومەرجێکی تازەدا خێزانەکەی باسم دەگەڕێنەوە خانەقی. ئارەقە بە لاجانگەکانیی باسمدا دەهاتە خوارەوە و لەوە دەچوو کە گۆرانییەك لەبەر خۆیەوە بڵێ. چاوەڕواننەکراوانە بەدەنگێکی نزم کە بەئاستەم دەبیسترا و بە شێوەزارە خانەقییەکەی خۆیان وتی " دی ئەم شارە وەك جار جاران خۆش نێتوام ــ ئیتر ئەم شارەم وەکو جاران خۆش ناویٚ "

باسم کە ئەورۆژە لە گەشتە ڕۆژنامەنوسییەکەماندا لە خانەقین یاوەرێتی دەکردین باسی هەوڵەکانی خۆی بۆ دەکردین بۆ دامەزران لای یەکەم ئیدارەی کوردی لە شارەکەدا " ئێمە هەمیشە قوربانی کوردایەتی و کوردبوون بووین بۆیە ئەبەد چاوەڕێم نەدەکرد لە هەوڵی دامەزرانمدا وەك مامۆستا تووشی ئەو هەموو دەردەسەری و ناڕەحەتییە بم" باسم زیاتر ڕوونی کردەوە " چەندین جار لە نێوان هەردوو پەروەردەکەی یەکێتی و پارتییدا لە شارەکە هاتم و چووم، کەڵکی نەبوو چونکە نەیەکێتی بووم و نە پارتی و نە واستەیەکیشم هەبوو" ئەوەی ئەو کوڕە کوردە لە دواییدا ناچاربووە بیکا مایەی بێ ئومێدی ئەوە " لەگەڵ پەروینی خوشکمدا کە لە ساڵی 2002 لە زانکۆی ئەنبار دەرچووە لێرە ئومێدمان بڕا و چووینە پەروەردەی دیالە و لە ناحیەی قەرەتەپە دامەزراین و دوایی بە تەنسیب گەڕاینەوە خانەقین " باسم تەواو نیگەران بوو و دەیویست زۆرتر قسەبکا بە تەواوی بێتاقەتییەوە وتی " هەموو ڕەنج و هیلاکی و مەینەتییەکانی ئێمە لای ئیدارەی کوردی ئەم شارە بەشی دامەزراندنی نەکردین " وەختێك ئاوا قسەی دەکرد ئەنجومەنی شارەوانی خانەقین بە نووسراوی 1106 لە 2006/8/22 دا بە ئەنجومەنی پارێزگای دیالە ڕادەگەیەنێت " بەناوی جەماوەری خانەقینەوە بە کورد و عەرەب و تورکمانەوە ئەنجومەنی شارەوانی خانەقین لە کۆبونەوەی ژمارە 131 ی 2006/8/21 دا بڕیاری دا داوا بکات قەزای خانەقین لە جەبەل حەمرینەوە تا شاخی زمناکۆ بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان "

سەمیر محەمەد نور –54 ساڵ– سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی خانەقین کە ساڵی 1974 پەیمانگای کشتوکاڵی بەغدای تەواوکردووە وتی " ئێمە چەند مانگمان بۆ دەسکردن بە



# ـسوای یەکە

**ڕاپۆرتی بێستون ژاڵەیی**
**نێردراوی لڤین بۆ خانەقی**

جێبەجێکردنی مادەی 140 لەپێش ماوە و دەبوو ئەم بڕیارە بدەین " ئەو زیادی کرد " کاتی خۆی عێراق 8 لیوا بووە یەکێکیان خانەقی بووە بەڵام لەسەردەمی بەعسدا خانەقی تەنیا 23000 کەسی تیامابوو و لە ناحیەیەك بچوکتر بوو، ئێستاش دیدێکی شۆڤێنی بۆ گەڕاندنەوەی شارەکە بۆ سەردەمی بەعس هەیە" سەرۆکی شارەوانی خانەقین تەئکید دەکاتەوە " لە هەڵبژاردنەکان و ڕیفراندۆمی دەستور و چەندین خۆپیشاندانی جەماوەریدا خەڵکی خانەقی بە کورد و عەرەب و تورکمانەوە بەیەك دەنگ داوای گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان کردووە.

(( تامر کامل حسن الزبیدی )) کە نوێنەری عەرەبە بێلایەنەکانە لە ئەنجومەنی شارەوانیدا دەربارەی هەڵوێستی عەرەبەکان لەمبارەیەوە وتی " هەموو ئەو عەرەبە ڕەسەنانەی لە باب و باپیریانەوە کوڕی ئەم خاکەن باوەڕیان بە گەڕانەوەی خانەقی بۆ سەر هەرێمی کوردستان هەیە " ئەو عەرەبانەی تامر دەستەواژەی (( عەرەبی ڕەسەن )) یان بۆ بەکاردێنێت بە گوێرەی ئاماری ئیداراتی شارەکە 780 ماڵن کە لە 22 گوندی ناوچەی (( قۆڵا ))ی باکوری خۆرئاوای خانەقیندا نیشتەجێن.

## ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی خانەقی بڕیاری گێڕانەوەی ئەو قەزایەیان دا بۆ سەر کوردستان

تەواوی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی خانەقی پێ لەسەر گرنگی و مێژوویی بوونی بڕیارەکەیان دادەگرن سەبارەت بە گێڕانەوەی شاری خانەقی بۆسەر هەرێمی کوردستان کە بە بڕوای (( عەدنان مەنسور خەسرەو ))ی جێگری سەرۆکی ئە نجومەنەکە " میدیای کوردی سارد و کەمتەرخەمانە مامەڵەی لەگەڵ ئەم بڕیارە چارەنووس سازەدا کرد کە چەندین ڕۆژنامەی عەرەبی عێراق کردوویانەتە مانشێت " محەمەدی مەلا حەسەن –49 ساڵ– قایمقامی شارەکە لەگەڵ گەورەیی و گرنگی بڕیارەکەی ئەنجومەنی شارەوانی و ئیداراتی شارەکەدا بە گەڕاندنەوەی خانەقی بەڵام پێی وایە ئیدارەی دیالە و زۆر لایەنی عەرەبی تر بە ئاسانی گەڕاندنەوەی خانەقی بۆ سەر کوردستان قبوڵ ناکەن " لەلایەکەوە لەبەر تێڕوانینێکی شۆڤێنیانەی ڕووت و لە لایەکی تریشەوە مەرامیان بەم شارە هەیە چونکە چەند سەرچاوەی بەهێزی تیایە، نەوتخانەی هەیە و پێشتر پاڵاوگەی تیابووە و ڕێیەکی ستراتیژی نێودەوڵەتی و مەرزی مەنزەرییەی هەیە کە شادەمارێکی ئابووری بەهێزە جیا لەوەی کە ناوچەیەکی کشتوکاڵی و کانزاییە " بەڵام عەدنان عەزیز لە حزبی زەحمەتکێشان وای دەبینێ کە " هەر عەرەبی شۆڤێنی بۆ ئەم گەڕانەوەیە ڕێگر نین بەڵکو ئەوە یەکێتی و پارتیشن کە لە خانەقی پێکەوە هەڵناکەن و شارەکە دەخەنە بەر مەترسی "

## شارێك لەناو مێژوودا

بەوجۆرەی کە لە فەرهەنگی ڕیکاردۆسی ئیتالی گەڕیدە (( جێمس پاکنیهلم ))ـدا هاتووە کە لە ساڵی 1816 هاتۆتە خانەقی دەڵێت " وشەی خانەقی لە بەتەنیشت یەکەوەبوونی خانەکان و بە شوێن یەکدا هاتنی نەوە هاتووە " بەمجۆرە خانەقی لە (( خان لەقەی خان ))ـەوە هاتووە ـ ئیبراهیم باجەلان 62 ساڵ – نوسەر و ڕوناکبیر کە 40 ساڵە خەریکی نوسین و توێژینەوەیە ئاوا بۆ بنەڕەتی ناولێنانەکە گەڕایەوە، باجەلان هاتە سەر ئەوەش شارەکە تا ساڵی 1849 پایتەختی میرنشینی باجەلان بووە و بە پەیماننامەی زەهاوی ساڵی 1848 ئەو میرنشینە ڕوخێنراوە و دواتریش تا ساڵی 1892 لیوا، واتە پارێزگایەکی سەربەخۆ بووە، لە ساڵی 1925 یشدا باقوبە کراوەتە ناوەندی پارێزگا و خانەقینی خراوەتە سەر. باجەلان لەبارەی گرنگی ستراتیژی شوێنەکەوە لە مێژوودا وتی " خانەقی لەسەر ڕێگای حەریر بووە بەرەو خۆراسان و کاروانسەرا و پشودانی کاروانە بازرگانیەکان بووە "



## سێ ساڵ لە دەسەڵاتی کوردی و ململانێی یەکێتی و پارتی

محەمەدی مەلا حەسەن قایمقامی خانەقین کە کادیرێکی یەکێتییە و لە ساڵی 1978 پەیمانگای مامۆستایانی لە هەولێر تەواوکردووە، دەربارەی ئیدارەی شارەکە وتی " باشترین ئیدارە لە عێراقدا ئیدارەی خانەقینیە، هەرچەندە لە نێوان هەرێم و دیالەدا مەرکەزیەت و مەرجەعیەتمان نییە و شۆڤێنیەکانیش ئیش لەسەر ئەوە ئەکەن شارەکە وەك هەرێمێکی سەربەخۆ بمێنێتەوە " قایمقام دەیویست بەڵگە بۆ ئەم قسانەی بخاتە ڕوو " شارەکە ئەمن و ئاسایشی تێدا بەرقەرارە و کارەبا و سوتەمەنیمان لەهی هەموو ناوچەکانی عێراق و کوردستانیش باشترە " بەڵام ــ شێرکۆ تۆفیق 35 ساڵ – لە لقی پانزەی پارتی کە بارەگاکەی لە خانەقینە وای نابینێ " ئێستا شارێکی تەجاوز لەناو خانەقیندا دروستکراوە، ئیدارەی خانەقین هی یەکێتیە و هیچ پرس و ڕاوێژ و بیروڕا گۆڕینەوەیەك لەگەڵ ئێمەدا وەکو پارتی ناکات، ئێمە 3000 مامۆستامان لە خەڵکی خاوەن بڕوانامەی ئەم شارە لەسەر ئیدارەی پێشووی هەولێر دامەزراندووە ڕێگە نادرێ لە قوتابخانە و خوێندنگاکاندا دابمەزرێن و وانەبڵێنەوە، 7000 پارچە زەوی لە کەرتی جەلەولا دابەشکراوە خەڵکی ئوردونی و فەلەستینی وەریگرتووە بەڵام یەك کەسی پارتی وەرینەگرتووە ! " بەڵام محەمەدی مەلا حەسەن پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ئەو لە لایەنێکەوە دژایەتی توند دەکرێت " ڕاپۆرتەکان لەسەرم ئەنووسرێن بۆ دەزگاکانی کوردستان و دەرەوە، ڕاپۆرتەکانیش لە یەك سەرچاوەوە ئەنووسرێن و ئەوانە ئەینووسن کە تا دوێنێ لەخانەی خیانەت بوون، ئەوانە هەقیان کوشتن یا دادگاییکردنە بۆ ئەوەی بە عەدالەت بکوژرێن، ئەوانە لە لایەنی سیاسی ئیش ئەکەن، هەرچەندە خائین و فایلدارن بەڵام ئەمڕۆش بۆ ململانێی حیزبی لە خەڵکە تێکۆشەرەکە زیاتر ڕۆڵیان هەیە و گوێلێگیراون " ـ عەدنان عەزیز 53 ساڵ ـ ئەندامی م.س حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان وتی " حیزبایەتییەکی تەسك و بێتام لە شارەکەدا ئەکرێت. پارتی دانیشتووە و سەیر دەکا، ئیدارەی شارەکەش لە دەستی یەکێتیدایە و قایمقام کە یەکێتییە ئیدارەیەکی خراپی شارەکە ئەکا " لە بەرامبەردا قایمقام هەموو گوناهەکە دەخاتە ئەستۆی یەکێتی و پارتی " یەکێتی و پارتی لەسەرەوە یەکن بەڵام لە خوارەوە دژ و دوورن، ململانێیەکی تەسکی حیزبایەتی دەکەن کە دوای یەکگرتنەوەی ئیدارەکان توند و خراپتر بووە " قایمقام بەردەوامبوو وتی " گرفتاری ئیدارەم بەدەست یەکێتی و پارتییەوە، من دوو ئاسایشم هەیە، دوو پەروەردەم هەیە،ئەم دوو حیزبە لێرە دوو دەسەڵاتی جیان، سوپا سەر بەلایەنێکە و هێزەکانی تریش سەر بەلایەنێکی تر، ئەم دوو ئیدارەیە لە خانەقین تەحەمول ناکرێ و وەزعەکەش ڕۆژ بەڕۆژ ترسناکتر دەبێ "

شێرکۆ حەسەن لە لقی 15ی پارتی بۆ ئەمە وتی " پارتی لە خانەقین لە ئیدارەدا نییە و هەرکەی داوای لێکرابێ هاوکاریشی کردووە، ویستمان وەك پارتی گەورەترین پارك لە (( سەرکەلاَت )) دروست بکەین لەلایەن شارەوانی و ئیدارەی خانەقینەوە کۆسپی بۆ دروستکراو ڕاگیرا، ئێمە خەڵك ڕوومان تێئەکا و دایان ئەمەزرێنین 70٪ ی خەڵکی ئەم شارە

## بەرپرسی لقی (15)ی پارتی لە خانەقی " ئێمە (3000) مامۆستامان لەسەر میلاکی ئیدارەی هەولێر دامەزراندوە بەڵام ناهێڵن لە یەك قوتابخانەدا وانە بڵێنەوە ، لە خانەقی زەوی بە عەرەبی ئوردونی و فەلەستینی دراوە بەڵام زەوی بە ئەندامی پارتی نادرێت "

دەرچووی زانکۆ و پەیمانگان، ئەوان دەیانەوێت مەسەلەکە لێڵ و نارۆشن بێ " عەدنان عەزیز لە حیزبی زەحمەتکێشان وتی " من هیچ ئومێدم بە ئیدارەی خانەقین نییە و ئەنجومەنی پارێزگای دیالەش کە سەرۆکەکەی کوردە هیچی دیارنییە "

وێنەیەکی بەرجەستە لە ململانێی یەکێتی و پارتی لە خانەقی لە رۆژی 2006/8/3 دا کەوتەڕوو کاتێك عەمید خالید سلێمان عمر کە پارتییە و بەڕێوەبەری دەروازەی سنووری مەنزەریە بووە بە وەکالەت لەگەڵ یەکەیەکی سوپای هاوپەیمانانەدا لەسەر رێگای گشتی، قایمقام و سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی خانەقین رادەگرن و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکەن و دەمەقاڵەی توند بەرپا دەبێت، ئەمەش دەبێتە مایەی نارەزایی توندی ئیدارەی یەکێتی لە شارەکەدا و یاداشتێکیان لەڕێی ئەنجومەنی شارەوانییەوە بە ژمارەی 1041 لە 2006/8/8 دا لەمبارەیەوە دەدەنە ئەنجومەنی پارێزگای دیالە. شێرکۆ حەسەن لە لقی پارتی دەربارەی ئەم ناکۆکی و ململانێیە وای بۆ دەچێت " ئەم ئیدارەیە خۆی گرفت دروست دەکات کاتێك نەوت و بەنزین لەجیاتی شوێنی خۆی لە بارەگاکانی یەکێتییدا دابەش دەکات "

### گەندەڵی

گەندەڵیی ئیداری لە ئاستێکدایە کە ناشاردرێتەوە، لە خانەقی موخالەفاتی دزیکردن هەیە و کەس سنورێکی بۆ دانانێ، تەجاوزکردن ئاشکرایە و لە ئاستی بەرزدا دەکرێ، بۆ نمونە کاتێ عەقیدێکی پۆلیس کە بەڕێوەبەری پۆلیسی شارە خانووی تەجاوز دەکاتەوە ئیتر چ ڕێوشوێنێکی دژی تەجاوزی بێ دەگیرێتە بەر ؟!

عەدنان عەزیز بە بێزارییەوە لەمبارەیەوە قسەی دەکرد، ئەم قسەکردنە لەبارەی گەندەڵی کە قایمقامی شارەکە هەر بە قسەی بێبەڵگەی دەزانێت " خەڵك لە خۆیەوە قسەدەکات و نازانێ گەندەڵی چییە و کێ پاکە و کێ گەندەڵە، من تائێستا تەنانەت خانوو و مۆڵکم نییە هی وەرەسە نەبێت " عەدنان عەزیز وتی " خەڵك لە خانەقین لەم وەزعە بێزارە، ئەوان خۆیان عەرەبیان لە پرۆسەی ئازادیدا دەرکرد وا ئێستا دەبینین ئەعراب (( عەرەبی تەعریب )) دەگەڕێنەوە و ئیدارەی کوردیش رێگەیان ئەدات " محەمەدی مەلا حەسەن ڕێك بە پێچەوانەوە دەڵێت " خەڵکی خانەقین خوا ئەیانگرێت ئەگەر لە ئیدارەی شارەکەیان نارازی بن، ئینجا خانەقین هیچ مەترسییەکی تەعریبی لەسەر نەماوە بەڵام مەسەلەیەك هەیە کە کورد خۆی ناگەڕێتەوە و نەوەی ئێستا لەوە کشتوکاڵیەکەی 35 ساڵ لەمەوبەری ناوچەکە جیایە ".

بێزاری و نارەزایەتیخەڵك کە ئیدارەی شارەکە بڕوای نییە وابێت لە تەموزی رابردوودا لە گرژی و ئاڵۆزییەکانی کامپی ئاوارەکانی مەلەکشاهیدا دەرکەوت کە لە پێکدا هەڵپژانی پۆلیس و خەڵکی کامپەکەدا بەپێی قسەی بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتنی خانەقین چوار پۆلیس بریندار بوون و چوار ئاوارەش لەلایەن پۆلیسەوە قۆڵبەستکران.

ئەحلام مەندەلاوی لە ژنانی ئەو کامپەی خانەقی باسی ئەوەی کرد کە ئەوان پشتگوێ خراون و ڕووبەڕووی تانە و تەشەر بوونەتەوە و سەرچاوە ئەمنی و ئیدارییەکان کەسانێك لە خەڵکی کامپەکە بە فرۆشتن و کێشانی تلیك تۆمەتبار دەکەن.

### رۆژنامەوانی – رووناکبیری – پەروەردەو خوێندنی باڵا

دەربارەی ڕەوشی ڕۆژنامەگەری لە ئێستای شارەکەدا ئیبراهیم باجەلان وتی " مەڵبەندی یەکێتی ڕۆژنامەی خانەقی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەردەکات، گۆڤاری (( ورێزا ))ش کە گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتییە دەرچووە و چەند گەنجێکیش ڕۆژنامەی (( بانان )) دەردەکەن، رادیۆی مەدەنیەت و 3 کەناڵی لۆکاڵی تەلەفزیۆنیش لە شارەکەدا هەیە " هاوکات وەك لەناوەندە رووناکبیری و هونەرییەکەی شارەکەدا تەئکید دەکەنەوە " شارەکە ریشەی قوڵی فیکری و مەعریفی هەیە و لە ئێستاشدا چالاکی و جموجۆڵی جۆراوجۆری تیایە "

ڕەشید سەعید پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی شارەکەی تەواوکردووە و وایدەبینێت کە " کۆلێژی ئاداب و پەیمانگاکانی شارەکە دەتوانن رۆڵێکی کاریگەر لە سڕینەوەی ئاسەواری تەعریبدا کە بەعس 35 ساڵ ئیشی لەسەر کردووە ببینن" ڕۆژنامەنوس (( ئاری سایەخان ))یش دەڵێت " گەورە پیاوێکی وەك د.کەمال مەزهەر نارەحەتی و نائەمنیەتی رێگا و سەفەر قبوڵ دەکات و دێ لە کۆلێژی ئادابی شارەکەدا موحازەرەی بەکالۆریۆس دەڵێتەوە کە دەیان ساڵە وازی لێهێناوە بۆ ئەوەی پەروەردە و خوێندنی باڵا ئەرکی پەروەردەیەکی قوڵی پڕ لە لێبوردن و قبوڵکردن ببینێ " ئاری بۆچوونی وایە کە " دەبێت ئەزمونی فاشیلی تێکەڵکردنی هەرەمەکی پەروەردە و سیاسەت و حیزبایەتی کوردستان لە خانەقین دووبارە نەکرێتەوە "